# دەستم دامێنتان بەعسییەکانی نێو پدك و ینك ئاشکرا مەکەن

گۆران محەمەد

ماوەیەکە دەنگۆی ئەوە هەیە ناوی چەندین بەرپرسی نێو هەردوو زلحیزبەکەی کوردستان ئاشکرا بکرێن، کە پێشتر دەست و قاچ و شتی دیکەیان لە گەڵ بەعس تێکەڵ بووە و ئێستا گلۆڵەیان کەوتووەتە لێژیی.
دەستتێکەڵکردنی هەندێ لە بەرپرسانی یەکێتیی و پارتی لە گەڵ بەعسدا بە تایبەتیی لە واری بازرگانیی و ئاودیوکردن و شتی ئاوها کارێکی نوێ نییە و دوازدە ساڵێکە بە ئاستی جیاواز هەبووە و هەیە، لێ ئەوەی جێی سەرنج بوو، هەر کاتێ و لە هەر نێوەندێکەوە ناوی کەسێك لەوانەی پەیوەندییان بە بەعسەوە هەبووە و پیاوی گەورەی حیزبەکانیش بوون ئاشکرا بووبێت، خێرا یەکێتیی و پارتی پارەیەکی زۆریان لە کابرای ناوزڕاودا بە مەبەستی ئاشکردنەوە و دڵنەڕەنجاندنی؛ سەرف کردووە، جا من لێرەوە داوا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ناوی ئەو بەرپرسە بەعسییانەیان لە لایە، لە روانگەی هەڵوێستێکی نیشتمانیی و کوردپەروەرانە و وڵاتپارێزانە و خەمخۆرانەوە دەست بەو ناوانەوە بگرن و بۆ رای گشتیی ئاشکرا نەکەن، چونکە بە بڵاوکردنەوەیان؛ پارتی و یەکێتیی سەدان هەزار دۆلار لەو بەرپرسانەدا بە مەبەستی دڵنەڕەنجاندنیان مەسرەف دەکەن و هەر یەکەی خانوویەکی نوێ و ئۆتۆمبیلێکی نوێ و ژنێکی نوێی بە پارەی ئەم میللەتە بۆ دەکڕن، ئەگەر نا چۆن تا ئێستاش کۆنە بەعسییەکان لە زانکۆ و وەزارەتەکانی کوردستاندا هەر سەرۆك و بریکار و راوێژکار و بەڕێوەبەری گشتیی دەبوون؟

goransalih@hotmail. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.